کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
4-8-2007 18:10بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

2007-8-2- سوید

## ئەری ناوی باوە گوڕگوڕە؟یان باباگرکرە؟!!. (بەشی سێهەم) ... نەجمەدین شێخ بزێنی



دیارە کۆتاییمان بەبەشی دوهەم هێنا بەو پرسیارەی ئەگەر سەرکردایەتی ڕامیاری (سیاسی) کورد پێ داگرێ لەسەر سەپاندنی مافە ڕەواکانی خۆی ئەمریکا لێ هەڵ ئەگەڕێتەوە؟! لێرەدا ئاشکرایە مەبەستی ئێمە لێرەدا ئەومافە پێشێل کراوە سروشتیانە نیە، کەلەدەرەوەی دەستوری داڕێژراوو پەسەندکراوی ئێستای حکومەتی ئێراقی بەناو فیدرال دایە، بەڵکو ئەومافە ئاسایی‌و سروشتیانەیە کەبەئاگاداری ئەمریکاو هێزی هاوپەیمانانەوەو، بەبەر چاوی هەموگەلانی جیهانەوە، لەدەستوری تازەی ئێراقدا خاڵ بەخاڵ دیاریکراو چەسپێندراو بەهەڵبژادنێکی سەرتاسەری گەلانی ئێراق بەکوردستان و عەرەبستانەوە کەلەسەدا هەشتای گەلی ئێراقی دەنگی بۆ داوەو پەسەندی کردووە!! لەکاتێکدا هێشتا ئەومافانە زۆر کەمترن بەبەراورد لەگەڵ ئاستی ئەو تێکۆشانە شۆڕشگێرییە ئازادی خوازانەیەی گەلی کوردستان کەخۆی لەتێپەڕ بونی زیاتر لەنیو سەدەئەدات!! بەڵام کورد لەپێناوی بەرژەوەندی گشتی بەلەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ناوچەکەو کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی ملی بۆ کەچ کرد! کەچی ئەبێت هێشتا قەرزار باری ئەمریکاو سەرکردە سیاسیەکانی عەرەب بێت؟!! بەڕاستی ئەلێرەوە سەرسوڕمان دەست پێ ئەکات ئەگەر وەهابێت؟! پاداشتی ئەوهەمو هەڵوێستە پیرۆزو بەسەنگانەی سەرکردایەتی سیاسی کورد، لەبوارەکانی بەتایبەتی سەربازی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و سەقامگیری ئارامی و ئاسایشەوە، هەڵویست بەو جۆرەوەربگیرێ؟!! بەڵام ئێستا هێشتا زووە، بۆ ئەوەی ئەوبڕیارە بدەین!! چونکە تاکو ئێستاخەتا زیاتر لە ئەستۆی سەرکردایەتی سیاسی کوردە، پەندێکی پێشینانی کوردیمان هەیەکەئەڵێت نەئەوەندە شیرنبە قوتت بدەن، نەئەوەندەش تاڵبە فڕێیت بدەن!! نواندنی نەرمێی و سالاری سەرکردایەتی کورد لەبەرانبەر بەرسانی لایەنی عەربی و چاوپۆشی کردنیان لەخەم ساردی کردنی حکومەتی بەغدا لەجێ بەجێکردنی داواکاریەکانیان وای کرد کەمادەی سەدوچل بکەوێتە ئەم تەنگەژەیەوە!! دو وەزارەت لەبەغدا گۆڕا کەهیچیان لەمەی ئێستا باشترنەبون! بگرە زۆر خەراپتریش بون!! بەڵام هەڵوێستی سەرکردایەتی سیاسی کورد هەرلەجێگەی خۆیەتی و گۆڕانکاری بەسەردا نەهات، وەک ئەوەوایە، بڵێت ئەگەر بگۆڕێم ئەوەشم لەدەست ئەچێت! تائێستاش خەریکی ناوبژی کردنە!! دیارە لەدابو نەریتی عەرەبیشدا، بێ دەنگی بەمانای ڕازی بونە. زۆر سەیرە، دەوڵەتی ئێراق لەبنەڕەتدا هەڵوەشایەوە هیچی بەسەر هێچیەوە نەما!! لایەنی عەرەبی لەناو خۆیاندا بۆنە بەچەند پارچەوە، وەک ئەڵێن مەیمون خۆی نەبو ئاوەڵەشی دەرکردبو!! لەم لاوەش کورد بەپێچەوانەوە، جوانترین و گرنگترین دەوری گێڕاوە لەهەمو بوارەکاندا لەدروستکردنەوەی دەوڵەتی ئێراق و ناوبژی کردنی عەرەب خۆ بەخۆ، هەتا ئێستاشی لەگەڵدابێت!! کەچی هەربابەتێکی گرینگ کەپەیوەندی بەمافو سودی کوردەوەبێت، بەوکولە مەرگیەی خۆیانیشەوە ئەبن بەیەکو بەرهەڵستی ئەکەن بەبێ گوێ پێدان بەناوەڕۆکی یاسای و شەرم کردن لەئاستی هەڵوێستی مرۆڤایەتی کورد بەرانبەر بەوان!! سەرکردایەتی کورد ئەبو زوتر ئاگادار بوایەتەوە، لەکاتێکدا لایەنی عەرەبی لەوپەڕی لاوازی و هەڵوەشانەوەی ڕێزەکانی ڕێکخستنەوەی خۆیاندا بن، ئەمجار یەک هەڵویستبن لەبەرانبەر مافەڕەواکانی کورد، ئەی ئەگەر یەک بگرنەوەو گیروگرفتی ناوخۆیان نەمێنی ئەبێت چۆن بن؟! ئەم هەلویستەی سەرکردایەتی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کورد وەک ئەوەوایە، مەڕێک شیر بدات بەبەچکەگورگێکی دابڕاو لەدێڵەگورکەی دایکی و بۆگیان خۆی پەروەردەی بکات!! دەرفەتی زۆر گرینگمان لەدەستداو هەڵەی زۆر گەورەمان کرد دەربارەی ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان، بەتایبەت بەستنەوەی پارێزگای کەکوک بەمادەی یاسای و ڕەزامەندی ئارەزومەندانەی عەرەب، ئەبو هەر لەسەرەتاوە ئەوهەڵوێستەی لەسنوری قەزای خانەقین ئەنجامدرا، لەهەمو ناوچە دابڕاوەکاندا پەیڕەو بکرایە. بەڵام هەرچەندە دەرفەتی زۆرمان لەدەستداوە، هێشتا ئەگەر بکەوینە خۆمان ڕەنگە لەبوواری مادەی 140دا سەرکەوتنێک بەدەست بێنین، ئەویش هەڵوێست وەرگرتنی سیاسی بەپێچەوانەی هەڵوێستی ڕابوردومانەوە! بۆ نمونە هەر وەک لەبەرچاوە لایەنی عەرەبی کەبەئاشکرا پاشگەز بۆنەتەوە لەناوەڕۆکی دەستور، بۆ ئەبێت کورد هەرپابەند بێت بەناوەڕۆکی ئەودەستورەوە؟ ئەودەستورە کوردی گەیاندۆتە ئەوئازادییەی بەدەستی هێناوە، یاخۆ کورد کۆڵەکەی بنەڕەتی داهێنانی ئەودەستورەیە کەهێشتا لەئاستی مافی چارەی خۆنوسینی گەلەکەشماندا نیە؟! بۆ بەرەی تەوافوق، کەکوتلەی سێهەمە بتوانی بکشێتەوە لەحکومەت و داوای هەڵوەشانەوەی بکات و هیچی بەرامبەر نەکرێت و لێکۆڵینەوەشی لەسەربکرێ؟! بەڵام کورد کەکوتلەی دوهەمە بەکشانەوەی ڕاستەوخۆ حکومەتەکە لەبار ئەچێت، نەتوانێت هەمان هەڵوێست وەربگرێت و داوای گەڕانەوەی کەکوکو ناوچە دابڕاوە کانی بکات بۆ باوشی هەرێمی کوردستان، لەکاتێکدا خۆ بەبڕیاری مادەی دەستوری یاسا دانەبڕێندراون لە کوردستان، بەڵکو تەنها بڕیارێکی سیاسی ناڕەوایە؟!! ئەگەر سەرکردایەتی سیاسی ئەترسێ لەوەرگرتنی ئەوچۆرەهەڵوێستە، نەوەکو دڵی دۆستە بێگانەکانمان لێ برەنجێ!! خۆ ڕێبازیتر زۆرن بیگرێتەبەر، کەهیچ لایەنێک مافی ئەوەی نابێت لۆمەی سەرکردایەتی بکات، بەڕاستی جێگەی سەر سوڕمانە، کەکارێکی قێزەوەن ڕوبدات ئەتوانین بەهەزاران ڕۆڵەی ئەوگەلە دابڕژێنە سەرشەقامەکان و ناڕەزایی دەر ببڕن، وەیا بۆ سەرکەوتنی تیپێکی فوتبۆڵێنی ئێراقی هەمو کوردستان دابخرۆشی و ئاڵاشومەکەی بەعسی ئەنفالچی بەرزبکاتەوە، بەڵام بەدرێژایی ئەوەندە ساڵە تاکو ئێستاشی لەگەڵابێت، نەمان گرتنێک، نەڕێپێوان و خۆپیشاندانێکی ئاشتیانە، نەک لەسەرانسەری کوردستاندا بەگشتی، تەنانەت لەشارو شارۆچکە دابڕاوەکانیشدا شتی وا نەبینراوە!! ئاخرتاکو ئێستا لەبەرانبەر دۆستو دوژمندا، بەڵگەچیە کەئەو ناوچە دابڕاوانە لەگەڵ هەڵوێستی سەرکردایەتی سیاسی کردستاندان؟! ئەی نابۆ بیر لەوەبکرێتەوە؟؟ ئەگەر لەبەر هۆکاری ئەسایشو ئارامی بیت، خۆ ئەگەر شاری کەکوکو، دوزو، کفری عەرەبو تورکومانی تێدا هەبێت و لەکردەی تیرۆریستی بترسن، خۆ چەم چەماڵ و، کەلارو، دەربەندی خان و، خانەقین، نەتەوەی تری تیانیەو هیێچ جێگەی مەترسی نیە؟!! ئەگەر لەبەر گەرماو سەرما ڕێ پێوان ئەنجام نادەن، بابیرخەرەوە (مژکرە) پێشکەش بەدامو دەزگا نێو دەوڵەتیەکان و یوئێنو کاربەدەستانی ناوخۆ بکەن! خۆ مانگرتن لەڕوی مەترسی تیرۆریستیەوە زۆر دورە، بۆ چەند جارێک مان گرتن ڕاناگەیێنن، هەروابزانن جەژنەکانە چەند ڕۆژێک کارنەکەن. باهێزی پێشمەرگە لەبەغداو ئەو جێگایانەی لەژێر کۆنترۆلی کوردستاندا نیەو هیچ مەترسی لەسەر ناوچە کورد نشینەکان نیە، بی کێشنەوەو لەناوچەدابڕاوەکانی کوردستان جێگیریان بکەن. ئەمانە هەموی ئەکرێت بکرێ بەفیشار لەبەرانبەر حکومەت و هێزی هاوپەیمانان‌دا، کەبەبڕیارێکی سیاسی ویزاری بارو دۆخی ئەو ناوچانە بگەڕێندرێتەوە دۆخی جارانی خۆی، کەڕژیمی فاشستی بەعس، بە بڕیاری سیاسی پاکتاوکردنی ڕەگەزی کورد لەبار یەکی بردبون!! ڕاش بگەیێندری هەرلایەنێک بەرگری لەو هەنگاوانە بکات، بەرگری کردنە لەسیاسەت و هەڵوێستی ئەو ڕژێمە بۆگەنە گۆر بەگۆڕ بووەی بەعسە، کەئەوەش بەهیچ جۆرێێک ناگونجێت لەگەڵ بارو دۆخی ئێستای ئێراق و یاسای ڕیشەکێشکردنی بەعس و گۆڕانی ئەوڕژێمە بۆگەنە!! لێرەدا کۆتایی بەم بەشەش دێنین، تابەشی چوارەم دەربارەی سەلماندنی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
4-8-2007 18:10بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

کوردستانیەتی کەرکوک، بەجۆرێک کەشەرمە هەرکەسێ پرسیار بکات لە کوردستانی بونی شاری ئاڵتونی ڕەش کەکوک!!!.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.